کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 16-6-2007 19:59

## خۆرنەوەزان یەکەمین هەفتە نامەی کۆپی پەیست لەسەر ئاستی هەرێم!! ... ئەمیر ئەکرەم گەرمیانی

amirgarmini@yahoo. com

لە مێژەوە گوتراوە ئەگەر ماڵت لە شووشە بوو بەرد لە ماڵی خەڵکی مەگرە ودیاریشە برادەرانی خۆرنەوەزان چاك لەم پەندە تی دەگەن وپەیڕەوی دەکەن بۆیە هەرلە یەکەم لاپەڕەوە هەتاکو دوا لاپەڕەی ئەگەر بەرچاوی کەسێکی دڵسۆز وشارەزا وبی لایەن سەیری هەفتە نامەکە بکەێت دەزانی مەبەست لە ڕۆژنامەیەکی وەها کرچ وکاڵ چییە؟

من نامەوی زۆر کاتی لە ئێوە بکوژم بۆیە یەکسەر دەچمە سەر ناوەڕۆکی بابەتەکە، چونکە گەر ئێوەش هەفتەنامەی خۆرنەوەزانتان بەرچاو کەوتبی دەزانن تاکە مەبەست لە دەرهێنانی پڕ کردنەوەی کاغەزە و وهیچی تر نا ودیاریشە پڕ کردنەوە کاغەز لە پێناوی چی وبۆچی؟، لە پێناوی چی دیارە ئەویش ئەو برە پارەیە کە حکومەت بۆ ڕۆژنامەکان تەرخانیان کردووە بۆ چاپ کردن و برەو دان بە بواری ڕۆژنامەوانی بەڵام بۆچی ئەوە قسەی زۆری دەوی چونکە لەگەڵ ٍ دەرچوونی دیارە مەبەست لێی ماستاو کردن و داپۆشینی گەندەڵیەکانی حکومەت و حیزبی فەرمانڕەوا لە ناوچەکەدا، یان وەك بەهەواداچوونێکی دیموکراسی پیاوانی حیزب دێن خۆیان جوێن بەخۆیان دەدەن وهەر خۆیانیش بۆی دادەپۆشن هەمان ئەو کردارەی بەرنامەی بەرنامە دەیکات، بۆیە هەر لە خاوەن ئیمتیاز کە ماستاوچیەکی لێهاتووە ولە سایەی دەعوەت ودەعوەتکاری بوو بە ئەندام پەرلمان وهەتاکو ئێستا مووچەی خانەنشینی دەخوات وخەڵکی دەڤەرەکەی بەهای فلسێکی قەڵپ سوودیان لێی نەبینیووە، بەڵام خودا هەڵناگری یەکسانی ژن وپیاوی پاراستووە وبەناو خێزانەکەی تەنها دوو پارچە زەوی وەرگرتووە، بە پێی ڕاپۆرتی چاودێری دارایی!! کە بەم نزیکەش لە هەفتە نامەی جەماوەر بڵاو کرایەوە.

سەرنووسەرەکەی ڕۆژنامەکەی کردووەتە پردێك بۆ تەکەتوول بازی وبە ئاشکرا موساوەمەی پی دەکات بۆیە بی بروانامەیەشاردووەتەوە، ، پان کردنەوە و خنکاندنی هەواڵی گەندەڵی ناو حیزبەکەی و زۆر شتی دیکەش تەرخان کردووە، هەندی ڕەخنەی پرو پوچ وبی بنەماش لە کەسانی بی پشت دەگرن چونکە تەنها ئەو ڕۆژنامەی بەدەستەوەیە بۆ دەستگردن بە کورسی یەکەی کە لە سایەی حیزبەوە بووە بە سەرۆکی بەشی مافی مرۆڤ لە شارەکەی، ئەمانە هەمووی ئاسایی دەبن لە بەرچاوت کاتێك خۆرنەوەزان دەبینی چونکە بی ٍ بەرنامەیی وبی پلانی بە ئاشکرا بەدی دەکرێت وئەوەی تۆزێك لە سیستمی بەڕێوەبردنی ڕۆژنامە ئاگادار بێت دەزانێت مەبەست لە پڕ کردنەوەی کاغەز چییە؟ چونکە لاپەڕەی ئەوتۆ ئەبینی لە یەك بابەتدا دوو یان سی وێنە وهەروەها گەورە کردنی فونتی نووسین لەهەندی شوێن و تاکە مەبەست لێی تەنها دەرچوونە وهیچی تر نا، هەروەها کرچ وکاڵی هەواڵ وبەدواداچوون وکۆنی هەواڵەکان. بۆیە بەدەگمەن ڕۆژنامەیەك دەردەچی ولە هەفتەی پاشتری پۆزشی تێدا نەبی وبەم نزیکە داوای لێبوردن لە دە هەڵەی زەقی ئەوەی پێشوتری تیدا بوو!! ئەمە لە لایەك لە لایەکی دیکەوە خودا نەکات ڕوداوێك وەك ئەوەی دوعا ڕوو بدات دەبینی بە کۆپی پەیست هەموو ئینتەرنێت دەهێننە سەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەکە وبیر لەوە ناکەنەوە کە دەشی ئەو سایدەی هەواڵ یان ڕووداوەکە دەگوازێتەوە هەڵە بێت بەڵگەش وێنەی ئەو منداڵەی کە گوایە دوعایە ولە سایدێکی کوردی وەریانگرتووە و پاشان سایدەکە داوای لێبوردنی کرد لە سەر ئەو هەڵەیە کەچی خۆرنەوەزان بەبی گوێ دان بە هەستی خوێنەرانی وەك ئەوەی نەبای بینیوە نە باران.. ئەمانە هەمووی هیچن ئەگەر بە ووردی لە سەرنووسەر وجێگرەکەی نزیك بیتەوە دەزانی چی گەندەڵ وچی قوڵ برێکن چۆن بە جووتە لێی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 16-6-2007 19:59

دەخۆن جارێکیان لە میدیای ئازاد بەناوی ڕۆژنامەی سەربەخۆو!! 700 هەزار لێدەدەن؟؟ ولەولاشەوە لە لای وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێم (1) یەك ملیون وەرئەگرن ئەمە جگە لە دەست پان کردنەوە لە کەسایەتی وحیزبەکانی ناوچەکە، ئەوەی مایەی نیگەرانیە ئەوە پارە زۆرە بە دەست دوو کەسی گەندەڵەوەیە چونکە گەر ئەو هەمووە لە لای خەڵکانێکی دڵسۆز بوایە ئێستا خۆرنەوەزان هاوشانی هەفتە نامە بەناوبانگەکانی کوردستان بوو. بەڵام خۆرنەوەزان وەك مێز حوشتر هەر بەرەو دواوە دەچی!! زۆر شتی دیکەم پێیە بەڵام هەڵی نارێژم چاوەڕوانم وەڵامم بدەنەوە بۆ ئەوەی هەرچی لە ژێر بەڕەیە بیهێنمە سەر بەڕە، لە کۆتایدا دەڵێم خۆرنەوەزان بازرگانیەکی دۆڕاو بە ناوچەکەی دەکات، وئەگەر ئەو کەسانەی هەفتە نامەکە دەردەکەن ڕاست ئەکەن دڵسۆزی ناوچەکەیانن یان دەبی چاکی بکەن یا بە جێی بهێڵن چونکە شەرمە پاش چوار ساڵ تازە بە تازە لە ناو گەرمەی شارەکەی خۆیان تەنها (10 دانەی) لێی دەفروشرێت وتازە بە تازە بە خۆڕایی دابەش دەکرێت!!
وئەگەر کار وا بڕوات هەق وەهایە لە سەرووی ڕۆژنامەکە بنووسرێت گەندەڵترین هەفتەنامە لە هەموو کوردستان، یان بنوسرێت یەکەمین هەفتە نامەی کۆپی پەیست لەسەر ئاستی هەرێم!!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.